# مێژوی سەرهەڵدانی گروپی سوفرییەکان و بیروباوەڕیان

**چیا جوهر عمر[1]، هۆشمەند علی عزیز[2]، مهدی عثمان حسین[3]**

[1،2،3] بەشی مێژو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە یەکێك لە لقە سەرەکییەکانی گروپی خەوراج دەدات، ئەویش گروپی سوفرییەیە. سەرەڕای ئاماژەدان بە خودی خەوارج خۆی، وەك یەکەم گروپ لە ئیسلامدا، کە ڕەنگدانەوەی سیاسی و بیروباوەڕی ئاینی بە دوای خۆیدا هێنا، بەهۆی دەرچوون لە دەسەڵاتی پێشەوای موسڵمانان، هەرچەندە هۆکاری ڕاستەوخۆی پرسێکی سیاسی بوو، بەڵام بە دیوێکی تەواو ئاینییانە، لەبەرئەوەی پرسی پێشەوایی پرسێکە پەیوەندیی بە هەردوو دەسەڵاتەوە هەیە، لە ئاینی و دونیایی، جگە لەوە جێنشینی پێغەمبەرە. گروپی صوفرییە وەك بەشێك لە خەواریجیەکان بەهۆی ئەو بارودۆخە نێوخۆییەی دەسەڵاتی ئیسلامی هەیبوو، دژی وەستانەوەو نارازی بوون لە دۆخەکە، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی دروستبوونی جیاوازی لەسەر کۆمەڵێك بنەما لەگەڵ هاوەڵە خەواریجیەکان دابڕان لە نێوانیان ڕوویدا و تەنانەت یەکتریان بە بێ باوەڕ ناوزەد کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وەك گروپێکی سەربەخۆی خەوارج، بە ناوی پێشەوایەکەیانەوە دەرکەون،و هەروەها کۆمەڵێك بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت، سەرەڕای هاوڕابوون لەسەر بەشێك لە بنەما سەرەکییەکانی خەوارج، و هاوبەشی بوون لەو بنەمایانە لەگەڵ گروپە خەواریجیەکانی دیکە. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئایا چ هۆکارێک وای کردووە گروپی صوفرییە لە گروپەکانی دیکەی خەوارج جیابێتەوە، ئایا هۆکارەکە هۆکارێکی سیاسی یان فیقهی بووە، هەروەها بیروباوەڕ و بنەما سەرەکییەکانی صوفرییەکان لە کوێی خەوارج و گروپە جیاوازەکانی خەوارج جێی دەبێتەوە؟

**کلیلە وشە:** خەوارج، سوفرییە، زیادی کوڕی ئەصفەر ،بیروباوەڕ، گروپی ئیسلامی.

**پێشەکی**

هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی گروپە ئیسلامییەکان و بیروباوەڕیان لە مێژوی ئیسلامدا، یەکێکە لە بابەتە گرنگ و پڕ بایەخەکان، گفتوگۆی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، کە تاوەکو ئێستاش کۆمەڵگەی ئیسلامی پێوەی دەناڵێنێت. یەکێك لەو گروپانە کە لە قۆناغی خۆیدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە، گروپی خەواریجە؛ لەبەرئەوەی یەکەمین گروپی ئیسلامین، لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکی کۆچی بەرامبەر بە سەدەی حەوتی زاینی لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب(٣٥-٤٠ك/ ٦٥٦_٦٦١ز) خەلیفەی چوارەمی ڕاشیدین جیابونەوەو بەردەوام ڕۆڵی نەیاریان بینیوە لە دژی هەریەك لە خیلافەتەکانی ڕاشیدین، ئومەوی و عەباسی.

ئەم توێژینەوەیە، بۆ (مێژوی دەرکەوتنی خەواریجی سوفرییەو بیروباوەڕیان) تەرخانکراوە، هەوڵدانێکە بۆ بەدیارخستنی مێژو و بیروباوەڕەکانی گروپی ناوبراو، کە لقێکن لە لقە کاراو دیارەکانی گروپی خەوارج، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم لە گروپە سەرەکییەکەی خەوارج جیابوونەوەو دەستیانکرد بە بانگەشە بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر بۆ بیروباوەڕەکانیان، هێندەی نەخایەند بوونە گروپێکی بەهێز و کاریگەر لە جیهانی ئیسلامیدا، لەلایەنی سیاسی و سەربازی و تەنانەت لە لایەنی هزرییش، کردار و بیروباوەڕەکانیان وایکردووە ببنە بابەتێك بۆ لێتوێژینەوە و بەدواداچوون، بەڵام گەورەترین بەربەست لەبەردەم توێژەران لەبارەی گەڕان بەدوای بیروباوەڕ و مێژویان ئەوەیە، لە چوارچێوەی زانیارییەکانی ئێمەدا، ئەم گروپە بەرهەم و نوسینیان لەدوای خۆیاندا نەماوە؛ ئەوەی بەردەستە نوسینی نوسەرانی نەیارەکانیانە لەبارەیانەوە کە خەوارج نەبوون.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ پێگەی گروپی سوفرییە دەگەڕێتەوە، بەهۆی زۆریی کار و چالاکییەکانیان بەتایبەت لەسەردەمی هەردو خیلافەتی ئومەوی و عەباسی، هەروەها کۆمەڵێك تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، کە جیاوازن لە گروپەکانی دیکەی خەوارج، لەوانە هەندێ لە بیروباوەڕ و هەڵوێستە نێوەندگیریەکەیان. هەروەها یەکێك لە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٧ ئاب ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٤ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: chia.jawhar@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ **چیا جوهر عمر، هۆشمەند علی عزیز و مهدی عثمان حسین**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp142-152

خاڵەکانی دیکە، هەمو ئەو زانیارییانە لە سەرچاوەی نەیارانیانەوە بووە، ئینجا چۆنیەتیی پابەندیی بەشێك لە سەرکردەکانیان بە ئایینەوە چۆن خستۆتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە، بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژویی، لە دەروازە و دو تەوەری سەرەکی پێکدێت: لە دەروازەدا، ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گروپی خەوارج و بیروڕا جیاوازەکانی لە کاتی دروستبونی کراوە، لە ڕازینەبونیان بە پرسی ناوبژیوانی و دەرچون لە پێناو ئایینەکە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوانەی لە گوێڕایەڵی و پابەندیی بنەماکانی ئاین لایان داوە. لە تەوەری یەکەمدا مێژوی دەرکەوتنی گروپی سوفرییەو هەندێ زانیاری دەربارەی کار و چالاکییەکان و بزوتنەوە و شۆڕشەکانیان، هەرچەندە لەم خاڵەدا تەنها ئاماژەیەك خراوەتەڕو، لەپێناو دەرنەچون لە بابەتی سەرەکی و هەروەها لەبەر بوونی توێژینەوەی نوسراو لەبارەی شۆڕش و بزوتنەوەکانیان بە تایبەتی لە مەغریبی دوور و ناوەڕاست، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئەم بابەتە لەم تەوەرەدا، خستنەڕوی بۆچونە جیاوازەکانە دەربارەی ناوی صوفرییە، هەروەها مێژووی دەرکەوتنی ئەم گروپە و جیابونەوەی لە گروپە خەوارجییەکانی دیکە، لە تەوەری دووەمدا تیشک خراوەتە سەر بیروباوەڕەکانی گروپەکە، کە ئەویش خۆی لە دوو خاڵ دەبینێتەوە، خاڵی یەکەم: بیروباوەڕە هاوبەشەکانی گروپەکە لەگەڵ گروپەکانی دیکەی خەوارج، کە لە وێدا هەوڵدراوە بەدوای خاڵە هاوبەشەکانی گروپی خەورایجدا بگەڕێین، کە بەگشتی بنەما سەرەکییەکانی خەوارج بە هاوڕایی گروپە هەمەجۆرەکانیەوە لە خۆدەگرێت. خاڵی دووەمیش جەختکراوەتە سەر بیروباوەڕە تایبەتەکانی گروپی سوفرییە، کە لە گروپەکانی دیکەی خەوارج جیای دەکاتەوە، لەگەڵ ئەو بنەما سەرەکییانەی پەیوەستن بە خۆیان، سەرەڕای ئەوەی هاشێوەیی یاخود نزیکیی لەگەڵ گروپی دیکەی خەوارج و دەرەوەی خەوارجدا هەیە.

میتۆدی مێژوویی، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی نوسینی توێژینەوە، سروشتی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وایخواستووە، میتۆدی جیاوازی وەك شیکاری و بەراوردکاری لەخۆبگرێت، ئەمەش بێگومان قسەکردنە لەسەر دەقەکان و خستنەڕوی بۆچونی جیاوازە لە بارەیانەوە، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بایەخی پێدراوە، بە تایبەتی لە بەراوردکردنی بیروباوەڕەکانی سوفرییەکان لەگەڵ گروپی دیکەی خەوارج یاخود گروپی دەرەوەی خەوارج وەك موعتەزیلە.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵ دراوە زۆرترین دەق لەو کتێبانە وەربگیرێت، کە تایبەتن بە مێژو و بیروباوەڕی گروپە ئیسلامییەکان، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش پەرتوکی: (مقالات الإسلاميين وإختلاف المصلين) ی ئەشعەرییە (م. ٣٣٠ك/٩٤٢ز)، یەکێکە لە سەرچاوە پڕ بایەخەکانی گروپە ئیسلامییەکان، سەرەڕای ڕەوت و ڕێبازە سەرەکییەکان، لقەکانیشی خستونەتەڕو، لەگەڵ بیروباوەڕەکانیان و زۆرجاریش بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتردا، کە گروپی سوفرییەش لەمەدا بێبەش نەبوە، هەروەها هەردو پەرتوکی (الملل والنحل و الفرق بين الفرق) ی بەغدادی (م. ٤٢٩ك/١٠٣٧ز) و پەرتوکی (الملل والنحل)ی شەهرستانی (م. ٥٤٨ك/١١٥٣ز)، سودی زۆریان لێوەرگیراوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گروپی خەوارج و بیروباوەڕەکانیان و ناوی گروپی سوفرییە و بیروباوەڕەکانی و جیاوازی و هاوشێوەیی لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەند ژێدەرێک بۆ ئەم توێژینەوەیە وەک پەرتوکی (تيارات الفكر الإسلامي) ی (محمد عمارة) و پەرتوکی (تاريخ الفرق الإسلامية السياسي والديني) ی (محمد إبراهيم الفيومي)و چەندانی دیکە بۆ پشتڕاستکردنەوەو بەراوردکرنی زانیارییەکان سودیان لێ وەرگیراوە.

## دەروازە: سەرهەڵدانی گروپی خەوارج

خەوارج، ئەو گروپە ئیسلامییە بون لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکی کۆچی بەرامبەر بە حەوتی زاینی، وەك کۆمەڵەیەکی ناڕازی لە ناو چینی گشتیی موسڵمانان دەرچون و جیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، کە پتر کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون، نەك ئایینی، چونکە ئەوان لەئەنجامی کێشەیەکی سیاسییەوە دروستببون (الدياربكري،٢٠٠٩، ٣١٦/٣ ؛ معروف، ١٩٨٨: ٢١-٢٢)، هەرچەندە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەو دو چەمکەدا هەیە.

ئەم گروپە بە چەندین ناو و ناسناوی جیاواز لە سەرچاوەکانەوە پێیان گەیشتووە، هەر یەك لە ناوەکان بۆ مەبەستێك و زیاتر لە مەبەستێك بەکارهاتوون، لەوانە هۆکاری ناونانی ئەم گروپە بە خەوارج، وەك ئەشعەری ئاماژەی پێکردووەو وتویەتی: ((لەبەرئەوەی ئەوانە لە سوپای عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەرچوون)) (١٩٥٠: ٦٤/١)، کاتێک عەلی پێشەوای موسڵمانان بو، دوای ئەوەی لە جەنگی (سەفەین) پرسی ناوبژیوانی هاتە پێشەوە، ئەوانە بە هەموو شێوەیەك ئەم پرسەیان ڕەتکردەوە و پێی ڕازی نەبون (البكاي، ٢٠٠٧: ٢٢-٢٣)، بۆیە ئەمانە لە لایەنگری پێشەوای موسڵمانان دەرچون، بەو هۆیەوە شەهرستانی وتویەتی: ((هەر کەسێك لەسەر پێشەوای ڕاستەقینە ڕاپەڕێت و لەژێر کار و فەرمانەکانی دەربچێت؛ پێی دەوترێت خەوارج، جا ڕاپەڕینەکە لەسەردەمی هاوەڵان بوبێت بەرامبەر بە پێشەوایانی ڕاشیدین یاخود پێشەوایانی دواتر و هەمو سەردەمەکان)) (١٩٩٣: ١٣٢/١)، بەڵام لە دیدێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت خۆیان ئەو ناوەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی ئەوان لە پێناوی خودا لە ڕیزەکانی عەلی کوری ئەبو تالیب دەرچوون (عمارة، ٢٠٠٧: ١٩) و بۆ ئەم کارەشیان بەڵگەیان بە ئایەتێکی قورئان هێناوەتەوە، کە خودای گەورە فەرمویەتی: (وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا) (سورة النساء: الآية/١٠٠)[(١)] ، بەمەش دو تێڕوانینی جیاواز بۆ هەمان ناوی خەوارج هەبوە، لە لای خۆیان بە جۆرێك لە پێناو ئایینەکە دەرچون و ئەم ئایەتەشیان کردۆتە بەڵگە بۆ دەرچونیان، بە پێچەوانەشەوە لە لای نەیارەکانیان بە جۆرێکی دیکە لێکدراوەتەوە؛ بە دەرچولەئایین دانراون. هەروەها لە ڕاستیدا ئەم گروپە هەر ئەم ناوەیان پێ نەگوتراوە، بەڵکو چەندین ناوی دیکەیان لێنراوە، وەك (الشراة، المارقة، المحكمة، الحرورية، ...

هتد)[٢]، بێگومان بۆ هەریەك لەم ناوانەش هۆكاری تایبەتی خۆی هەبوو، كە لەلایەن نەیارانیانەوە یاخود خۆیانەوە پێیانگوتراوە، بە پشتبەستن بە ئایەت، فەرموودە، ڕوداو و شوێن، ... هتد (الأشعري،١٩٥٠: ١/ ١٩١).

سەبارەت بە هۆكار و چۆنیەتی و كاتی سەرهەڵدانی ئەم گروپە، بیروبۆچونی جیاواز هەیە، یەكێك لەم بۆچونانە دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پەیامبەری ئیسلام، بۆنمونە ئیبن جوزی (م. ٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز) وتویەتی: ((عەلی كوڕی ئەبو تالیب كۆمەڵێك دەسكەوتی بۆ پەیامبەر نارد، ئەویش بەسەر چوار كەسدا دابەشی كرد، لەو كاتەدا كەسێک بەناوی زولخوەیسیرەی تەمیمی (ذو الخويصرة التميمي)(٣) بە پەیامبەری گوتووە، ئەی پەیامبەر دادپەروەربە، بۆیە ئەم كەسە بەیەكەم خەوارێج دادەنرێت، خەواریجەكانی سەردەمی عەلی كوڕی ئەبو تالیبیش شوێنكەوتەی ئەم پیاوەبون)) (٢٠١٣: ١٠٩). ئەم بۆچونە وایكردووە بوترێت، بەر لە شەڕی سەفەین خەواریجەكان هەبوون، بەڵگەشیان ئەوەیە، هەر ئەمانە بون دەستیان لە دروستكردنی ئاژاوەی ناوخۆیی لەنێو موسڵماناندا هەبو، لە دیارترینیان كوژرانی عوسمانی كوڕی عەفان، بەڵام ئەمانە ڕوداوی شەڕی سەفەینیان قۆستەوە و جیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاند (أبو سعدة، ١٩٩٨: ٣١-٣٢).

یەكێكی دیكە لەو بۆچونانەی زۆرێک لە مێژونوسان جەختی لەسەر دەكەنەوە، دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو كێشە گەورەیەی لەنێوان عەلی كوڕی ئەبو تالیب و والیی شام موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان (٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز) سەریهەڵدا، لەسەر كێشەیەك، كە لە سەرچاوە ئیسلامییەكان بە كێشەی گەورە ناسراوە، مەبەستیان لێی كوشتنی عوسمانی كوڕی عەفان (٢٣-٣٥ك/ ٦٤٤-٦٥٦ز)ھ؛ موعاویە وەكو بنەماڵەی ئومەوی، داوای خوێنی خەلیفە عوسمانی دەكرد و ڕەخنەی لە عەلی كوڕی ئەبو تالیب دەگرت، بكوژانی ئەوی داڵدەداوە و سزای نەداون (الطبري،١٩٧١: ٥/٦-٨)، ئەمە جگە لەوەی لای وابو لە وەرگرتنی پۆستی خەلافەت پەلەی كردووە و هەمو موسڵمانان بەیعەتیان پێ نەداوە (الخالدي، ٢٠١٢: ٢٨٦-٢٨٧)، تەنانەت لایەنگرانی معاویە لە شام عەلی كوڕی ئەبو تالیبیان بە بكوژی عوسمانی كوڕی عەفان دەزانی (الطبري،١٩٧١: ٥/ ٩)، ئەمە هۆكار بوو بۆ دەرچوونی والیی شام لە بازنەی دەسەڵاتی خەلیفە، بۆیە خەلیفەش هەوڵیدا عەبدوڵای كوڕی عەباسی ئامۆزای وەک والیی شام لە شوێنی موعاویە دابنێت (فلیشر، ٢٠٠٣: ٥٠١)، بەمەش ئەو كێشەیەی لە نێوانیاندا هەبو تەشەنەی سەند، لە ساڵی (٣٧ك/ ٦٥٧ز) گەیشتە ئاستی پێكدادان، لەشەڕێكی گەورەدا بەناوی شەڕی سەفەین (المنقري، ١٣٨٢: ٣/٢٠٢)، ئەمەش دووەم جارە شەڕێكی ناوخۆیی سەخت ڕوبدات، كە تێیدا سوپای هەردو لا موسڵمان بوون.

لەكاتی شەڕەكەدا هەوڵدرا ئەم كێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بكرێت، بەڵام گروپێک لە لایەنگران و سەربازانی خەلیفە ڕازی نەبوون بە دادوەركردن و ڕایانگەیاند (لا حكم إلا لله- حوكم تەنها بۆ خودایە) (الناصري، ١٩٩٧: ١/١٦٣؛النوبختي،٢٠٠٨، ٣٤ )، كە ژمارەیان (١٢) هەزار سەرباز بو، ڕویانكردە گوندێک لە نزیک شاری كوفە بە ناوی حەرەوراء و بەفەرمی جیابونەوەی خۆیان لە خەلیفە ڕاگەیاند (الیعقوبي، ٢٠١٠: ٢/ ٩١-٩٢؛ إبن الأثير، ١٩٨٧: ٣/ ٢٠٢)، بەمەش یەكەمین گروپی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامیدا دروستبو، كە بە خەواریج ناسرا، هەرچەندە خەلیفە هەوڵیدا لە ڕێگەی گفتوگۆ و تەنانەت لەڕێگەی هێز ناچاریان بكات بگەڕێنەوە، بەڵام بێسود بو (الطبري، ١٩٧١: ٥/ ٧٢-٧٣)، هەروەها خەواریجییەكان لەسەرەتای كارەكانیاندا پێیانوابو پێویستیان بە پێشەوا نییە، بەڵام دواتر پاشەكشەیان لەو قسەیان كرد (أمین، ١٩٢٨: ١/ ٣١٢)، بۆیە وتیان نابێت پێشەوایان هەبێت، ئەگەر هەبێت دەبێت ڕاست و دروست بێت، لەو بۆچونەشەوە تانەیان لە عەلی دەدا و وتیان: ((گومانت لە كاروباری خۆت هەبو، دوژمنەكەت لەنێو خۆتدا حوكمڕانیی دەكرد)) (إبن عبد ربه، ١٩٨٣: ٢/ ٢٣٢)، بەڵام دواتر لەنێو خۆیاندا عەبدوڵای كوڕی وەهبی ڕاسبی (م. ٣٨ك/ ٦٥٨ز) یان  بە پێشەوای خۆیان هەڵبژارد و بەیعەتیان پێدا (أبي عبید، ١٩٩٤: ٥/ ١٧٣، ٣٢٨)، دواتریش سوپای خۆیان دروستكرد. بەهۆی نەگەڕانەوەیان بۆ ژێر سەرپەرشتی خەلیفە، سەرەنجام لە ساڵی(٣٨ك/ ٦٥٨ز) لە نێوان سوپای خەلیفە و ئەوانەی لێی جیابوبونەوە، شەڕێكی دیكەی نێوخۆیی موسڵمانان لە ناوچەی نەهرەوان دروستبو، لەم شەڕەدا خەواریجەكان ژمارەیەكی زۆریان لێ كوژرا و بەشێكیشیان هەڵاتن و پەرتەوازەبوون (البغدادي، ١٩٨٦: ٦٠)، بۆیە لە تۆڵەی شەڕی نەهرەوان چەند كەسێك لە خەورایجەكان بڕیاریاندا هەریەكە لە عەلی كوڕی ئەبو تالیب و موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان و عەمری كوڕی عاص لە یەک كاتدا و لە ڕۆژی(١٧ ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ ك/ ٦٦٠ز) بكوژن، بەڵام تەنیا لە كوشتنی عەلی كوڕی ئەبو تالیب سەركەوتوو بوون، پاش ئەوەی عەبدولرەحمانی كوڕی مولجەم توانی خەلیفە بریندار بكات، پاشان بەهۆی برینەكەیەوە سێ ڕۆژی دواتر كۆچی دوایی كرد (المسعودي، ٢٠٠٥: ٢/ ٣٢٠؛ التوزري،٢٠٠٩،١/ ١٤٦ ؛إبن كثیر، ١٩٩٨: ١٠/ ٦٨٤).

سەرەڕای ئەم بۆچونە جیاوازانە، بەڵام دەركەوتنی ڕاستەوخۆی خەواریجیەكان پرسی ناوێزیوانی و ڕاگرتنی جەنگی سەفەین بوو، لەبەرئەوەی پێویست بوو موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان پابەند و گوێڕایەڵی پێشەوای موسڵمانان بێت. بۆیە لێرەدا دەتوانرێت بوترێت، هەر یەكێک لەو كاتانەی مێژوونوسان دیاریان كردووە ڕاستبن بۆ سەرهەڵدانی ئەم گروپە، كە بۆچونەكان لەیەكەوە نزیكن، بەجۆرێک كەمترە لە سی ساڵ، بەڵام ئەوە ڕونە هۆكاری سەرەكیی دروستبونی ئەم گروپە هۆكارێكی سیاسییە نەک ئایینی، چونكە ئەمانە كێشەیان لەسەر بابەتی پێشەوایی و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگە هەبو، كێ بەڕێوەی ببات و چۆن بەڕێوەببرێت. بۆیە ئەم گروپە وەک نەیار و دژی دەسەڵات و خیلافەت وەستایەوە، پاشان وردە وردە تێكەڵ بە لایەنی هزریی ئایینی ئیسلام بون و كاریان لەسەر دەق دەكرد، بەجۆرێک ئایەت و

فەرمودەیان بە بەڵگە دەهێنایەوە بۆ ڕەوابەخشین بە خۆیان و کردارەکانیان (التوزري،١، ٢٠٠٩/١٤٦؛ الفيومي،٢٠٠٣: ١١٠).

ئەوەی جێگەی تێبینییە، گروپی خەواریج لەناو خۆیاندا بە یەکگرتویی و تۆکمەیی نەمانەوە، بەڵکو پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر دەرکەوتنیان، بەسەر چەند گروپێک دابەش بوون، هەریەکەیان دژی ئەوی دیکەیان بون (الشهرستاني، ١٩٩٣: ١٣٣/١)، لە ناسراوترین و دیارترین ئەو گروپانەش: (المحكمة الاولى، الأزارقة، الصفرية، النجدات، العجاردة، الأباضية، البيهسية،...) لە ناوی گروپەکانیشدا دیارە هەر یەکەیان بەناوی سەرکردەکانیانەوە ناونراون (البغدادي،د.ت: ٧٢)، هەمو ئەم گروپانەش لەسەر چەند خاڵێک هاوڕابون، کە خەواریج بەو ئامانجە بۆی دەرچوبون، بەڵام هەریەکەشیان کۆمەڵێک بیروباوەڕی تایبەت بە خۆی هەبو، لەوانی دیکەی جیادەکردەوە، ئەمەش وایکردووە بە چەندین گروپی جیاواز دەرکەون.

## تەوەری یەکەم: دەرکەوتنی گروپی سوفرییە(الصفرية)

سوفرییە ناوی یەکێکە لە گەورەترین و کاریگەرترین گروپەکانی خەواریج. مێژونوسان، بۆچونی جیاوازیان لەبارەی ناوەکەیەوە هەیە، کە ئەم ناوە بۆ کێ دەگەڕێتەوە و لە چییەوە هاتووە، سەرەڕای ئەوەی سوفرییە بە سوفاریەش هاتووە (إبن حزم الأندلسي، ١٩٩٦: ٢٧٣/٣)، یەکێک لە بۆچونەکان لە لایەن ژمارەیەك لە مێژونوسان و فیقهناسانی وەك خەوارزمی (م. ٣٨٧ك/٩٩٧ز) و ئەسفەراینی (م. ٤٧١ك/ ١٠٧٨ز) و فەخرەدین رازی (م. ٦٠٦ك/١٢٠٩ز) ...، سوفرییە بۆ زیادی کوڕی ئەسفەر دەگەڕێننەوە، بەو کۆمەڵە کەسانە گوتراوە، کە لە لایەنگرانی ئەو بون (١٣٤٢: ١٩؛ ١٩٨٣: ٥٣؛ ١٩٣٨: ٥١)، تەنانەت هەندێ جار ئەم گروپە بە (الزيادية- زیادییەکان)یش ناویان هێنراوە (البغدادي، ١٩٨٦: ٦٧؛ الشهرستاني، ١٩٩٣: ١٥٩/١).

یەکێکی دیکە لە بیروبۆچونەکان دەربارەی ناوی دامەزرێنەری ئەم گروپە، هەر یەك لە ناشیء ئەکبەر (م. ٢٩٣ك/ ٩٠٥ز) و ناسری (م. ٣١٥ك/ ٩٢٧ز) و مەلتی (م. ٣٧٧ك/ ٩٨٧ز) ...، بۆ عەبدوڵای کوڕی سەفار دەگەڕێننەوە (١٩٧١: ٦٨؛ ١٩٩٧: ١٦٤/١؛ ٢٠٠٩: ١٣٥)، هەروەها ئیبن تەغری بەردی (م. ٨٧٤ك/ ١٤٦٩ز) بۆ موهەلەب کوڕی سوفرە(٤)ی دەگەڕێنێتەوە (١٩٦٣: ٢٨٩/١)، بەڵام ئەمە بە ڕونی دیارە دورە لە ڕاستییەوە، لەبەرئەوەی موهەلەب والیی هەرێمی خۆراسان و دوژمنێکی سەرسەختی خەواریجەکان بو، هەروەها مەقریزی (م. ٨٤٥ك/ ١٤٤١ز) لە یەکێك لە بۆچونەکان نوعمانی کوڕی ئەسفەر(٥) بە دامەزرێنەری ئەو گروپە دادەنێت (١٩٧٠: ٣٥٤/٢)، کە ئەمەش دورە لە ڕاستییەوە، بە پاڵپشت بە سەرچاوەکانی قۆناغی پێشوتر کە ئاماژەیان بە ناوێکی لەو جۆرە نەکردووە، هەروەها دەکرێت بگوترێت، کە هەردو مێژونوسی ناوبراو لەبەر دوریی ماوە زەمەنییەکەیان لە سەرەتای سەرهەڵدانی گروپەکە کەوتونەتە ئەو هەڵە مێژووییەوە.

لەگەڵ ئەم بۆچونانە، بۆچونێکی دیکە هەیە، لە بەشێك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە، وتویانە: ((بەهۆی زۆر ماندوێتییان لە خواپەرستی، ڕەنگی ڕوخساریان زەرد هەڵگەڕاوە)) بۆیە ئەو ناوەیان لێنراوە (المبرد، ١٩٩٧: ٢٠١/٣؛ إبن عبد ربه، ١٩٨٣: ٢٣٤/٢)، بەڵام لەم گێڕانەوەیەدا هیچ هۆکارێك نییە بۆ باوەڕکردن پێی، لەبەرئەوەی بەگشتی ئەنجامدانی خواپەرستییەکی زۆر لە گروپە جیاوازەکان هەبوە، بە تایبەت لەلای هەمو خەواریجیەکان، بۆیە ئەمە تەنها تایبەت نییە بە گروپی سوفرییە. بەمەش سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچونەکان دەربارەی دامەزرێنەری گروپەکە، بەڵام واپێدەچێت زیادی کوڕی ئەسفەر دامەزرێنەری ئەم گروپە بوبێت، لەبەرئەوەی وەك لە پێشوتردا ئاماژەی پێکراوە هەندێک جار بەم گروپە وتراوە زیادییە، ئەویش بەهۆی ناوی دامەزرێنەرەکەوەیە، بۆیە دروستترینیانە.

سەبارەت بە چۆنیەتیی دروستبونی گروپەکە، زانیاریی تەواو لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئیبن ئەثیر ئاماژە بە گفتوگۆیەک دەکات، لەوێدا چۆنیەتی و کاتی دروستبوونی ئەم گروپە دەردەکەوێت،؛ وتویەتی: ((کاتێک نافعی کوڕی ئەزرەق(٦)، پێشەوای گەورەی گروپی ئەزاریقە، یەکێک بو لە گروپە ناسراو و بەهێزەکانی خەواریج ڕودەکاتە ئەهواز، ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی لەدەوری کۆدەبێتەوە، لەوێدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ناکرێت سەرکردایەتیی کۆمەڵە کەسانێک بکەم، دەستیان لە شەڕکردن لە ڕێگەی خوادا هەڵگرتووە، بۆیە ناکرێت کچ بدەین بە ئەوان و کچیان لێ بهێنین و گۆشتی سەربڕدراوی ئەوان بۆ ئێمە حەرامە، ناکرێت زانستە ئایینییەکان لەوانەوە فێربین، ڕایگەیاند خەواریج بچێتە هەر شوێنێک دەستی بەسەر دابگرێت، و بە پیر و منداڵەوە خوێنیان حەڵاڵە)) (١٩٨٧: ٤٩١/٣-٤٩٢)، ئەم بیروبۆچونانەی بۆ نەجدەتی کوڕی عامر(٧) و زیادی کوڕی ئەسفەر ناردووە، بۆ ئەوەی شوێنی بکەون و پاڵپشتیی بکەن، بەڵام هیچیان ئامادە نەبون بۆ پاڵپشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەم کارانە، بەمەش لەسەر ئەم پرسە ناکۆك بون، کە ناکۆکییەکەیان زیاتر لەسەر بابەتێکی فیقهی بوو، بەمەش پەیڕەوی هەڵوێستێکی نەرمتریان کرد لە هەڵوێستی ئەزاریقەکان (عبدالرزاق، ١٩٨٥: ٤٥)، تەنانەت زیادی کوڕی ئەسفەر وەڵامی داوەتەوە و پێی وتووە: ((ئەی کوڕی ئەزرەق کەمتەرخەمیت لە ئایینەکەتدا کردووە و سنورت بەزاندووە)) (إبن الأثير،١٩٨٧: ٤٩١/٣-٤٩٢ ). بەمەش سوفرییەکان پێشکەوتنێکی کردەیی بەرچاو دەکەن لە هزر و بیروباوەڕی خەواریجیەکاندا، بەو پێیەی مەیلیان بۆ سوککردنی ئەو توندوتیژییەی پێشتر بزوتنەوەکە هەیبووە، هەیە (عبدالرزاق، ١٩٨٥: ٤٥).

ئەوەی زۆرتر وایکردوە زیادی کوڕی ئەسفەر هاوڕا نەبێت لەگەڵ نافعی کوڕی ئەزرەق لەسەر بابەتی کوشتنی ژن و منداڵ و حەڵاڵکردنی خوێنیان بو، بۆیە لەگەڵ ژمارەیەک لە لایەنگر و هاوبیرانی لە ئەزاریقەکان جیابۆوە (العقل، د.ت: ٣٢). واتە لەم کاتە بەدواوە بە سەرەتای دەرکەوتن و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp142-152

سەرهەڵدانی گروپی سوفرییە دادەندرێت، وەک گروپێکی سەربەخۆ لەنێو گروپە خەواریجەکان، جگە لەوە بە تێپەڕبونی کاتیش جیاوازیی بیروباوەڕەکانیان زیاتر دەبێت.

بەهۆی ئەوەی گروپی سوفرییە، وەک هەمو گروپەکانی دیکەی خەواریج، باوەڕیان بە کۆمەڵێک بنەما هەبو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆیان هەبو، و باوەڕی تەواویان بە بنەمای شۆڕش و دەرچون لە دەسەڵاتی ستەمکار هەبو، ئەمە وایکردبو شۆڕش بکەن و بەردەوامبن لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئومەوی و عەباسی.

شوێنکەوتوانی گروپی سوفرییە عەبدوڵای کوڕی وەهبی ڕاسبی و حەرقوسی کوڕی زوهەیر و ئەبو بیلالی مەرداس[٨] بە گەورەو پێشەوای خۆیان دەزانن و شانازییان پێوە دەکەن، هەروەها پێیانوایە ئەبو بیلالی مەرداس باشترین کەس بووە بۆ پێشەوایەتی (البغدادي، د.ت: ٩١)، چونکە کاتێک ئەبو بیلال لە سەردەمی خەلافەتی یەزیدی کوڕی موعاویە (٦٠-٦٤ک/ ٦٧٩-٦٨٣ز) چۆتە دەرەوەی بەسرا، عوبەیدوڵای کوڕی زیاد (٣٢-٦٧ك/ ٦٥٢-٦٨٦ز) لەو کاتەدا کە والی عێراق بو، سوپای ناردووە بۆ کوشتنی، بەڵام ئەبو بیلال سوپاکەی تێکشکاندووە (الأسفرايني، ١٩٨٣: ٥٤)، بۆ جاری دووەم سوپایەکی زۆرتری ناردووە، بەڵام لە کاتی شەڕدا بانگی نیوەڕۆیداوە، بۆیە ئەبو بیلال و هاوڕێیانی داوایان کردووە، شەڕ بوەستێنن بۆ ئەوەی نوێژی هەینی بکەن، لایەنگرانی عوبەیدوڵای کوڕی زیاد ئەم نوێژکردنەی خەواریجەکانیان بەدەرفەت زانیوە و هێرشیان بۆ کردون، ئەوانیش نوێژی خۆیان نەبڕیوە؛ تاکو هەمویان کوژراون، ئەمەش بووەتە سیمبولێك لای سوفرییەکان و شانازییان بە پێشەوایەتیی ئەبو بیلالی مەرداس کردووە (إبن الأثير، ١٩٨٧: ٤٤٤/٣)، دوای ئەویش عیمران کوڕی حیتان (حيطان)[٩] بەشیاو دەزانن بۆ پێشەوایەتیان و فەتوادەریان بو (الجاحظ، ١٩٩٨: ٤٧/١؛ أبو خير، د.ت: ٦/١).

هەروەها سوفرییەکان سودیان لە هەڵەکانی گروپەکانی دیکەی خەواریج وەرگرتووە، پێش ئەوەی بچنە ناو گۆڕەپانی سیاسی، هیچ بزوتنەوەیەکی سوفرییە پێش ساڵی (٧٦ك/ ٦٩٥ز) نەبینراوە دژی ئومەوییەکان، لەو ساڵەوە ڕاپەڕین کراوە و بەتایبەت لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە، وەك بارەگایەك هێزەکانیان لەو ناوچانە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بەرەو ناوچەکانی کوفە و بەصرە بڕۆن (عبدالرزاق، ١٩٨٥: ٤٦)، بەجۆرێک هەرێمی جەزیرەیان کردبوە سەنتەری کار و چالاکییەکانیان و ڕاپەڕین لە دژی خیلافەت، بەهۆیەوە زەرەروزیانێکی زۆریان لێدان (الشنقارو، ٢٠٠١: ٢٨٩)، لەوانە توانیان چەند جارێك دەستبەسەر کوفە دابگرن لە ساڵانی (٧٧ و ٧٩ك/٦٩٥ و ٦٩٦ز)، هەروەها لە ساڵی (١٠٠ك/٧١٨ز) (الطبري، ١٩٧١: ٢٢٤/٦، ٢٦٧، ٥٥٥-٥٥٦)، لەگەڵ چەندین بزوتنەوەی دیکە لەو ناوچانەدا، لە بەرامبەریشدا حەجاج ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن بەردەوام بەدوایانەوە بو (الشنقارو، ٢٠٠١: ٢٨٩)، بەڵام کۆڵیاننەداو لەسەردەمی خەلافەتی عەباسییش وەک هێزێکی نەیار لە دژیان مانەوە، وەک بزوتنەوەکەی مساوری کوڕی عەبدولحەمیدی شاری[١٠]، زیانی گەورەی مادی و گیانییان لە خەلافەت دا و بۆ ماوەیەکی زۆر چەندین شار و ناوچەیان لە جیهانی ئیسلامی لەژێر دەستی خۆیاندا هێشتەوە (الطبري، ١٩٧٥: ٣٧٦/٩، ٤٠٥، ٤٧٣-٤٧٤؛ تۆفیق، ٢٠١٢: ٩٩)، سەرەڕای ئەو شەڕ و ململانێیەیان لەگەڵ نەیارانیاندا، لە هەموو دۆخێکدا بە بیروباوەڕەکانیان پابەندبون، لەوانە نوێژ، یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە خەواریجیەکان بەگشتی و گروپی سوفرییەی بەتایبەتی پێدەناسرێتەوە، بەجۆرێک سەربازانی بزوتنەوەکەی مساور لە خراپترین بارودۆخی شەڕیشدا نوێژیان کردووە و لە شەویشدا خەریکی شەونوێژ و خوێندنی قورئان بوون (لەشکری، ٢٠١٣: ١٧٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زو بزوتنەوەکانی سوفرییە لە ڕۆژهەڵات، لە کۆتاییەکانی سەدەی یەکەم و سەرەتاکانی سەدەی دووەم، بەرەو کزی چو، بەمەش بانگەشەی مەزهەبی سوفرییە لە مەغریبی دور و ناوەڕاست بە شێوەی نهێنی و ڕێکخراو دەستی پێکرد و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەمەش لایەنگریان زیاد بوو و چەندین شۆڕشیان بەرپاکرد، و دەسەڵاتی سیاسییان دامەزراند (الدرجيني، ١٩٧٤: ١١/١؛ عميرة، ١٩٨٥: ٦٧-٩٢).

بەمەش گروپی سوفرییە وەک بەشێک لە خەواریجیەکان، کاریگەریی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی دروستکرد، چونکە بونە هۆی دروستبونی کۆمەڵگەیەکی لێکترازاو و بۆ چەند بەرەیەك دابەش بوون، ڕەوابەخشین بە خۆیان و کردارەکانیان، کە موسڵمانی ڕاستەقینەن، و بەرەکانی دیکەش بریتین لە نەیار، دوژمن و بێباوەڕان. هەروەها ئەوەی یارمەتیدەری خەواریجیەکان بو بە گشتی و سوفرییەکان بەتایبەتی، شۆڕشی بەردەوام و زیادبونی ژمارەی لایەنگرەکانیان بو، ئەویش بەهۆی خراپیی سیاسەتی هەردو خیلافەتی ئومەوی و عەباسی لەگەڵ خەڵکدا، لە بەرامبەریشدا خەواریجیەکان دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی جەور و ستەمیان بەرزکردبۆوە، ئەمەش وایکردبوو ژمارەی لایەنگر و شوێنکەوتوانیان بە بەردەوامی ڕولەزیادبوون بێت (الشنقارو، ٢٠٠١: ٢٩١).

## تەوەری دووەم: بیروباوەڕەکانی گروپی سوفرییە

### ١- بیروباوەڕە هاوەبەشەکانی گروپی سوفرییە لەگەڵ گروپەکانی دیکەی خەواریج:

لەپێشتر ئاماژە بۆ ئەوەکرا، گروپی خەواریج پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی کەم بەرەو لێکترازان ڕۆیشتن و بون بە چەند گروپێک، هەرچەندە هەمو ئەو گروپانە لەسەر چەند خاڵێک هاوڕابون و بەیەکەوەی دەبەستانەوە، بەڵام گروپی خەواریج وەک گروپە فکری و کەلامییەکانی ناو ئیسلام خاوەنی ڕێبازێکی فکریی تایبەت بەخۆیان نەبون تا لەسەری بڕۆن، یاخود کەمتر لەسەری ڕۆیشتوون، لەبەرئەوەی ئەمانە گروپێکی سیاسی بوون و لەئەنجامی کێشەیەکی سیاسییەوە دروستبوون، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمەڵێک

بیروباوەڕ بوون، کە بە توندی پەیڕەویان دەکرد، بەهۆی ئەوەی لە قۆناغێکی مێژویی وادان سیاسەت و کارە سیاسییەکان لەگەڵ ئاین و بنەماکانی ئاین ئاوێتەی یەکترن. ئەمانەش هەندێك لەو بیروباوەڕە هاوبەشانەی گروپە خەواریجیەکانن، و گروپی سوفرییەش وەك بەشێك لەو گروپانە.

١. هەمو خەواریجیەکان کۆك بون لەسەر دروشمەکەیان و بە جۆشوخرۆشەوە بەرزیانکردبۆوە و خەباتیان بۆ دەکرد، کە دروشمی (لا حكم إلا لله) بوو (الأسفرايني، ١٩٨٣: ٤٥)، لەسەر ئەم بنەمایە جیابوونەوە، وتیان خەڵکانێك بڕیار لەسەر ئاینی خودا دەدەن، هیچ بڕیارێك نییە جگە لە بڕیاری خودا (الناصري، ١٩٩٧: ١٦٣/١).

٢. ئەوەی باوەڕدارانی خەواریج لەسەر جیاوازیی مەزهەبەکانیان یەکخستووە و کۆکی کردون، بە بێباوەڕ دانانی عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ئەندام و بەشداربوانی شەڕی جەمەل و هەمو ئەوانەبو، کە بە ڕاگرتنی جەنگی سەفەین و ناوبژیوانیکردن ڕازیبون (البغدادي، د.ت: ٧٣؛ الأسفرايني، ١٩٨٣: ٤٥). هەرچەندە لێکدانەوەیان بۆ ساتی بێباوەڕبونیان هەبو، بەم شێوەیە کە پێشەوایی عوسمان ڕاست و دروست بووە لە ساڵەکانی سەرەتایدا، بەڵام لە کاتێکدا گۆڕا و گۆڕانکاریی کرد، و لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەبو بەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتاب بەردەوام نەبو، ئەمەش بووە هۆی دروستبونی ڕوداوەکان، هەروەها دانیان بە ڕەوایەتی و ڕاست و دروستیی پێشەوایی عەلی ناوە، بەڵام هەڵەی کرد لە ڕازیبوون بە ناوبژیوانی، هەروەها تانەیان لەسەر هاوەڵانی جەنگی جەمەل لە تەڵحە کوڕی عوبەیدوڵڵا و زوبێر کوڕی عەوام (م. ٣٦ك/٦٥٦ز) و هاوەڵانی ناوبژیوانان دابو و بۆیە بڕیاریان لەسەر بێباوەڕیی هەمو ئەوانە دا، هەروەها نەفرەتیشیان لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دەکرد و بە بێباوەڕیان دانا (الأشعري، ١٩٥٠: ١٨٩/١؛ أمين، ١٩٢٨: ٣٠٩/١). کەواتە ئەو خەواریجانەی ئامادەنەبون بچنە نێو شەڕی موسڵمانان، کە بە(القعدة) ناسراون، لەلایەن سوفرییەکانەوە بە کافر هەژمارنەکراون؛ چونکە لە بیروباوەڕەکانیان هاوڕان، کەچی گروپی ئەزاریقە بە کافریان داناون.

٣. لەسەر ئەوەش هاوڕان، کە پێشەوا پێویستە، هەرچەندە لەسەرەتادا باوەڕیان وابو، نابێت پێشەوایان هەبێت (إبن عبد ربه، ١٩٨٣: ٢٣٢/٢)، ئەمەش لە دروشمەکەیان بەرجەستە دەبو، بەڵام گومانی تێدا نییە دواتر پێویستیان بە پێشەوا دەبێت، بۆ ئەوەی کاروباری کۆمەڵگە بەڕێوەببات، بەڵام هەمویان کۆکبون لە دەرچون لەسەر کار و بڕیارەکانی پێشەوای ناڕەوا (الأسفرايني، ١٩٨٣: ٤٥)، کە مەرجی ئەوەیان هەبو، دەبێت پێشەوا دادپەروەر و ڕاستگۆ بێت، ئەگەر ستەمی لە خەڵک کرد، ئەوا پێویستە لابرێت یاخود بکوژرێت (معروف، ١٩٩٧: ٣٠)، واتا دەرچوون لەسەر دەسەڵاتی ستەمکار. هەروەها ئەوەی لە دەوڵەتی ئەمەوی و خەلافەتی عەباسی جیای دەکردنەوە، کە دەیانگوت مەرجە خەلیفە قوڕەیشی بێت، ئەگەرچی ژمارەیەک لە زانایانی سەدەکانی ناوەڕاست و توێژەرانی سەردەمی نوێش ئەم فەرمودەیەی پشتگیری ئەوە دەکات پێشەوا لە قوڕەیش بێت، ڕەتدەکەنەوە بە چەند بەڵگەیەک، لەوانە لەکاتی گفتوگۆی عەبدوڵای کوڕی عەباس بۆ گێڕانەوەیان بۆ ڕیزەکانی سوپای عەلی کوڕی ئەبی تالیب، لە کاتی گفتوگۆکەدا سەرەڕای هێنانەوەی چەندین بەڵگە، بەڵام ئەو فەرمودەیەی بە بەڵگە نەهێناوەتەوە(التوزري،١، ٢٠٠٩/١٤٥) هەروەها خەواریجیەکانی سەرەتاش هیچ قسەوباسێکیان لەبارەی ڕاستی و دروستیی ئەم فەرمودەیە نییە. ئەمە جگە لەوەی ڕونە ئاینی ئیسلام جگە لەو فەرمودەیە، کە لەدوای سەردەمی ڕاشیدین کەوتە بەردەستی موسوڵمانان، شتێکی ئەوتۆی لەبارەی سیاسەت و خیلافەت یان پێشەوایەتیی دوای پێغەمبەر(د.خ) تێدا نییە. ئەمەو چەندین بەڵگەی دیکەی مێژوویی و ئاینی، دەرخەری ئەوەن ئەم فەرمودەیەی باس لەوەدەکات مەرجە پیشەوایەتی لە قورەیش بێ لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئومەوی و عەباسی داهێندراوە و زیاتر بانگەشەی بۆ کراوە لە پێناو ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی بنەماڵەیی خۆیان(عثمان،٢٠١٤، ١٥٩-١٧٤).

خەواریجەکان پێیان ئاسایی بوو ئەو کەسەی دەیەوێت ببێت بە پێشەوا لە هەر نەتەوەیەک بێت، تەنیا ئەوەیە مەرجە موسڵمانێکی ڕاستەقینە و دادپەروەر بێت، هەرکەسێك هاوڕا نەبێت لەگەڵیان ئەوا خەواریج نییە (الشهرستاني، ١٩٩٣: ١٣٤/١؛ معروف، ١٩٩٧: ٢٧)، واتە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێشەوایی مافێکە لەبەردەست هەمو موسڵمانێکدایە، بە بێ گوێدانە ڕەچەڵەك و دەمارگیری، بە لەبەرچاوگرتنی پابەندیی بەهێزیان بە ئامانجەکانی ئاین، بەبێ لێکدانەوە و شێواندن، هەروەها بانگەوازی توندیان بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازی پێشینەی چاکەکاران لە سیاسەتی پێغەمبەر(د.خ) و هەردو خەلیفەی دوای ئەو (إسماعيل، ١٩٩٧: ٢١)، هەرچەندە ئەوانیش لەسەرەتادا مەرجی ئەوەیان هەبو، کە دەبێت خەلیفە عەرەب بێت، بەڵام دوای تێکەڵبونیان بەنەتەوەکانی دیکە لەو مەرجەی خۆیان پاشگەز بونەوە، چونکە زۆرینەی لایەنگرانیان لە نەتەوە ناعەرەبەکان بون، ئەم تێڕوانینەشیان بۆ خەلیفە بەتەواوی جیای دەکردنەوە لە گروپی شیعە و ئەهلی سونە و جەماعەت (الوردي، ١٩٩٧: ٣٨)، سەرەڕای ئەوەی بەشێکیان باوەڕیان بە شۆڕشی بەردەوام هەبو، و پێیانوابو پێویستە لە دژی دەسەڵاتی زۆردار ڕاببەڕن و لە ناوچەیەکدا نەژین ستەمکارێک حوکمی بکات (عەزیز، ٢٠١٣: ١١٨).

٤. خەواریجیەکان بە قووڵی و بەهێزیی باوەڕەکانیان جیادەکرانەوە، پێیانوابوو تیۆری کارکردن بەشێکە لە باوەڕ، باوەڕ تەنها بڕوابون بەخودا نییە؛ بەڵکو پێویستە کردەوەشی لەگەڵدا بێت، چونکە باوەڕی بێکردەوە مرۆڤ بەرەو بێباوەڕی دەبات (عمارة، ٢٠٠٧: ٢٧)، هەروەها باوەڕ لای ئەوان درککردنە بە خودا؛ هەرکەسێك دەستبەرداری کاری چاکە بێت و تاوان و سەرپێچی بکات و واز لە گوێڕایەڵی بهێنێت، بێباوەڕە، بەمەش کردارەکان بەشێکن لە باوەڕ، بۆیە هەر کەسێك واز لە کردارەکان بهێنێت بەشێکی لە باوەڕی بە جێهێشتووە (أبو سعدة، ١٩٩٨: ١٤٩-١٥٠)، لەم ڕووەوە ئیبن حەزم وتویەتی: ((هەموو خەواریجیەکان دەڵێن: باوەڕ بریتییە لە زانینی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp142-152

ئاین بە دڵ، دانپێدانان بە زمان، و کارکردنە بە ئەندامەکانی جەستە)) (١٩٩٦: ٢٢٧/٣)، خەواریجیەکان بەگشتی لە سەر ئەوە کۆک بون هەر کەسێک تاوانێکی گەورە و تاوانێکی هەڵە ئەنجام بدات بێ باوەڕە و دەچێتە دۆزەخ و بۆ هەتا هەتایی لەوێدا دەمێنێتەوە (الأشعري، ١٩٥٠: ١٨٣/١؛ الأسفرايني، ١٩٨٣: ٤٥)، بێگومان ئەگەر لە پێش مردنیدا تەوبەی لەسەر نەکات. بەڵام بەڕای گروپی سوفرییە تاوانکاریی گەورە (الكبائر) ناچێتە قاڵبی کوفرەوە بەپێچەوانەی ئەزاریقە، تەنها ئەوانەی نوێژ تەرکدەکەن، یان لە جەنگدا هەڵدێن، بەکافریان هەژمارکردون.

٥. یەکێکی دیکە لە گرنگترین بیروباوەڕەکانیان، یەکتاپەرستی بو، زۆر سوربوون لەسەری، باوەڕیان بە یەکتاپەرستیی ڕەها هەبوو، پێیانوابو خودا هاوشێوەی نییە، تەنانەت ئەوەشیان ڕەتدەکردەوە مرۆڤ تایبەتمەندیی خودایی تێدا هەبێت (الحفظي، ٢٠٠٠: ٣٥٠)، هەروەها لەسەر پرسی قورئانیش، کە ئەشعەری ئاماژەی پێکردووە و وتویەتی: ((هەموو خەواریجیەکان کۆکن لەسەر خەلقی قورئان)) (١٩٥٠: ١٨٩/١) واتا هاوشێوەی بیری موعتەزیلەکان.

٦. باوەڕی تەواویشیان بە بنەمای (العدل- دادپەروەری) هەبوو، دەیانگوت خودا زۆر دادپەروەرە، زوڵم لە کەس ناکات و مرۆڤی لە کارەکانیدا سەربەستکردووە، بەپێی کردەوەکانی خۆی سزاو پاداشتی دەداتەوە (عمارة، ٢٠٠٧: ٢٢).

٧. خەواریجەکان بەگشتی لەسەر بابەتی بەڵێن و هەڕەشەی سزا هاوڕابون، باوەڕیان وابوو خودا بەڵێنی داوە، بەڵێنەکەش جێبەجێ دەکات و ئەو کەسەش سزادەدات، کە پێچەوانەی فەرمانی خودا دەجوڵێتەوە (الحفظي، ٢٠٠٠: ٣٧٨) و لەو بارەیەوە وتەی خەواریجیەکان یەك وتەیە، لەبەرئەوەی دەڵێن: ئەو کەسانەی تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە و لەسەر ئەو تاوانە مردوون لە ئاگردان و بۆ هەتا هەتایە تیایدا دەمێننەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن، تاوانبارانی تاوانی گەورە خۆیان بە ئیسلام دەناسێنن و بە سزای بێباوەڕان سزادەدرێن (الأشعري، ١٩٥٠: ١٨٩/١؛ الشهرستاني، ١٩٩٣: ١٣٢/١).

٨. فەرمانکردن بەچاکەو دوورکەوتنەوە لەخراپەش یەکێکی دیکەیە لەو بنەمایانەی خەواریجیەکان کاریان لەسەر دەکرد؛ پێویستە قسەی ڕاست و حەق بکرێت، ئەگەر زیانبەخش و تاڵیش بێت، ئەوا پاداشتەکەی لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە ڕەزامەندیی خودا و بەهەشتی نەبڕاوە، بەو جۆرە لێکیان دەدایەوە کاری چاک بریتییە لە گۆڕینی دەسەڵاتداری ستەمکار، بەهێزی شمشێر، پێیانوابوو مرۆڤ دەبێت چاکەکار بێت و لە خراپە دوربکەوێتەوە(إبن قتيبة، ١٩٩٠: ١٦١/١؛ عەزیز، ٢٠١٣: ١١٣)، بەڵام لە ڕاستیدا سوفرییەکان لەم بنەمایەیان کەمێك پاشەکشەیان کرد، بە مەبەستی خۆپاراستن و دورکەوتنەوە لە مەترسییەکان(إسماعيل، ١٩٩٧: ٢٥).

بەگشتی خەواریجیەکان بە پەڕگیر ناسرابوون لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانیان و خوداپەرستی (لەشکری، ٢٠١٣: ١٦٣) بەجۆرێک شەهرستانی وتویەتی: ((ئەمانە ئەهلی نوێژ و ڕۆژو بون)) (١٩٩٣: ١٣٦/١)، زۆر پابەند بوون بە بیروبۆچونەکانی خۆیان و دوربون لە درۆکردن (رستم، ٢٠٠٨: ٢٠٣). ئەوان زۆر شانازی بەم پابەندبونەی خۆیان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانیان، هەروەک لە پێشوتر ئاماژە بە ئەبو بیلالی مەرداس و هاوەڵانی کرا، سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی دەکوژرێن، بەڵام لە نوێژکردن بەردەوام بون.

سەرەڕای ئەوەی بە تێپەڕبونی کات هەندێ بۆچونی جیاواز لەسەر بەشێك لەو بنەمایانە دروست دەبێت، بەڵام بەگشتی گروپی سوفرییە و گروپەکانی دیکەی خەواریج لەسەر ئەم بنەمایانە هاوڕان. هەروەها ئەوەی جێگەی تێبینییە، بەشێك لەو بنەمایانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکراوە و خەواریجیەکان باوەڕیان پێیەتی وەک: یەکتاپەرستی، دادپەروەری، بەڵێن و هەڕەشە، فرمانکردن بەچاکەو دورکەوتنەوە لە خراپە، هەمان ئەو بنەمایانەن کە لە قۆناغی دواتردا موعتەزیلەکان دەیکەن بە بنەما سەرەکییەکانی گروپەکەیان، دەکرێ ئەمە بەهۆی بارودۆخە جیاوازەکانی ئەو قۆناغە لەسەر پرسە جیاوازەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆیان بەجێهێشتبێت، بە شێوەیەکی تۆکمەتر کار لەسەر ئەو بنەمایانە کرابێت.

## ٢- بیروباوەڕە تایبەتەکانی گروپی سوفرییە

گروپی سوفرییە، وەک هەر گروپێکی دیکەی ئیسلامی، خاوەنی کۆمەڵێک بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی بو، کەجیای دەکردەوە لە گروپەکانی دیکە. بێگومان لە هەندێک خاڵدا تێڕوانین و جیهانبینییان لە گروپە خەواریجیەکانی دیکەیش جیاواز بو؛ دەتوانرێت بوترێت گروپی سوفرییە گروپێکی نێوەندگیرە لە نێوان توندڕەویی گروپی ئەزاریقە و میانڕەویی ئەبازییەکان، ڕابەرانی ئەم گروپە لە هەندێک بۆچون بە گروپە کەلامییەکان کاریگەرن، هەوڵیانداوە بە فکری خۆیان وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکان بدەنەوە.

١. یەکێك لە دیارترین بیروباوەڕەکانی گروپی سوفرییە، کە جیایان دەکاتەوە لە بیروباوەڕەکانی گروپی ئەزاریقە، ئەوەیە باوەڕدارانی گروپی سوفرییە ژن و منداڵی کەسی بێباوەڕ و هاوەڵدانەران بە تاوانی کەسە بێ باوەڕەکە ناکوژن و بێباوەڕیان ناکەن و بڕیاری هەتاهەتاییان لە ئاگر بۆ نادەن (الشهرستاني، ١٩٩٣: ١٥٩/١)، وەک ئەوەی ئەزاریقەکان دەیانکرد، کە نەیارەکانیان بە هاوەڵدانەر داناوە و بۆ هەمیشەش لە دۆزەخ دابون، کوشتنی ژن و منداڵەکانیشیان دروستە و ڕێگەپێدراوە(الأسفرايني، ١٩٨٣: ٥٠)، تەنانەت ماڵ و سامانەکەشیان بۆ خۆیان دەبرد و بە حەڵاڵیان دەزانی (البغدادي، ١٩٨٦: ٦٤)، بەڵام دەتوانرێت بوترێت جگە لەم خاڵە جیاوازە چەندین خاڵی دیکەی پێچەوانە و جیاوازیان لەگەڵ ئەزاریقەکاندا هەیە، بۆنمونە: سوفرییەکان باوەڕیان وابو ئەوەی لەگەڵ بۆچونی ئەوان نەبێت مانای ئەوە نییە لە سەنگەری دژی ئەوانە (کامل، ٢٠٠٢: ٤٣). ئەمە ئەوە دەردەخات، کە سوفرییەکان بەقەد ئەزاریقەکان توند نەبون، هەرچەندە توێژەرێك ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو میانڕەوییەی ئەوانیش درێژەی نەکێشا و دەمارگیریی ئاینییان پەیڕەوکرد؛ کاتێك چونە دەرەوە و شمشێریان دەرهێنا و کاریگەریی خۆیان هەبو (فلهوزن، ١٩٥٨: ١٢٨)، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت لە

شۆڕشەکانیاندا بنەمای بیروباوەڕیان دەربارەی کوشتنی ژن و منداڵ و پیر پێشێل کردبێت.

٢. ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەوان بەشداریی شۆڕشیان نەدەکرد و دانیشتبون و بۆ شەڕ نەدەچونە دەرەوە، بە بێباوەڕیان نە ناساندوون، ئەمەش لە گرنگترین بۆچونی سوفرییەکان بوو، تەنها ئەبازییەکان(الاباضیون) لەوەدا، لە سوفرییەکان توندتر بون، بە پێچەوانەوە ئەزاریقەکان لەسەر پرسی دەرنەچون بۆ شەڕ و ئەو کەسانەی وازیاندەهێناو دادەنیشتن، بە بێباوەڕیان دادەنان، لە کاتێکدا ئەگەر لەسەر هەمان بیروباوەڕی مەزهەبی ئەوانیش بن (الشهرستاني، ١٩٩٣: ١/١٤٠؛ عميرة، ١٩٨٥: ٥٢). بەمەش بیروباوەڕی سوفرییەکان لە هەڵوێستێکی نێوەندگیر خۆی دەبینیەوە لە نێوان هەردو گروپی ئەزاریقەی توندڕەو و ئەبازیەی میانڕەو.

٣. یەکێك لە بیروباوەڕە گرنگەکانی دیکەی گروپی سوفرییە، باوەڕبون بو بە پرسی (تقية- خۆپارێزی). ئەم پرسەیان لە وتەدا لەلا دروست و ئاسایی بوو، بەڵام بەبێ کردار، واتا لە کرداردا ڕێگەپێنەدراو بو (فخر الدين الرازي، ١٩٣٨: ٥١)، هەر لەو بارەیەوە زیاد کوڕی ئەسفەر دامەزرێنەری گروپەکە وتویەتی: ئێمە خۆمان بە باوەڕدار دەزانین، بەڵام نازانین لە لای خودا لە باوەڕ دەرچوین یان نا (الشهرستاني، ١٩٩٣: ١/١٥٩)، بە پێچەوانەوە بە هەمو شێوەیەك ئەزاریقەکان پرسی خۆپارێزییان قەدەغە کردووەو فەرمانیان کردووە، هەر کەسێك خۆی لە خەواریجیەکان بەدوربگرێت و دەرنەچێت بۆ فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە؛ ئەوا بێباوەڕێکی گومڕاکار و چەواشەکارە و خوێنی حەڵاڵە (الناشيء الأكبر، ١٩٧١: ٦٩)، بەمەش زیاتر دۆخێکی لەبار دێنێتە کایەوە، لەبری ئەوەی دوژمنایەتی خۆیان بۆ نەیارانیان ڕابگەیەنن.

٤. شێوازی بڕیاردانیشیان لەسەر باوەڕ و بێباوەڕیی کەسی تاوانکار لە هەمو گروپەکانی دیکە جیاواز بو و تا ڕادەیەک نەرم و نیانی و لایەنی عەقڵانیی پێوە دیار بو؛ دەیانگوت هەموو تاوانێک لە شەرعدا دیاری کراوە و ناشێ حوکمێکی گشتگیر بۆ کۆمەڵێک تاوانی لە یەکتر جیاواز بدەی، بە هەمویان بڵێی بێباوەڕ یاخود هاوەڵدانەر، بەڵکو پێویستە بە پێی ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە ناوی لێبنێی و بانگ بکرێت، بۆ نمونە ئەو کەسەی دزی کردووە پێی بڵێی دز، ئەوەی زینای کردووە پێی بوترێت زیناکار (الأسفرايني، ١٩٨٣: ٥٣). واتا دەکرێت بوترێت گروپی سوفرییە دەیانەوێت بڵێن ئەو کەسەی تاوانێکی ئەنجام داوە، مەرج نییە باوەڕی لەدەستدابێت.

سەبارەت بە وشەی بێباوەڕ، گروپی سوفرییە لەناوخۆیاندا بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبو، دابەش ببوون بەسەر سێ بۆچونی جیاواز، ئەوانیش بریتی بوون لە:

گروپی یەکەم: لایانوابو، کەسی تاوانبار هاوەڵی بۆ خودا بڕیارداوە، ئەمەش هەمان تێڕوانینی گروپی ئەزاریقە بو بۆ تاوانبار.

گروپی دووەم: دەیانگوت، ناوی بێباوەڕ بەو مانایە دێت کەسێک تاوانی کردووە، بەڵام حەدی لەسەر جێبەجێ نەکراوە، ئەو کەسە لە دەرەوەی باوەڕە، بەڵام نەچۆتە خانەی بێباوەڕییەوە، دەکرێ ئەم باوەڕەیان هاوشێوەی خانەیەك لە نێوان دوخانەی بیری موعتەزیلە بێت، کە یەکێك بوو لە بنەما سەرەکییەکانی باوەڕەکەیان.

گروپی سێیەم: پێیانوابو بێباوەڕ بەو مانایە دێت، کەسێک تاوانی کردووە بەپێی تاوانەکەی لای والی حەدی لەسەر جێبەجێ کراوە (البغدادي، د.ت: ٩١)، لەم بارودۆخەشدا تاوانبارەکە هیچ ناوێکی پێ ناگوترێت تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ لای والی و حەدی لەسەر جێبەجێ دەکرێت (عبيدات، ١٩٩٨: ٦٥).

ئەم هەموو جیاوازیی بیروبۆچونە لەناو گروپی سوفرییە لەسەر بڕیاردان لە بێتاوانی و بێباوەڕیی مرۆڤەکان لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێک، ئەوە دەردەخات ئەم گروپە گفتوگۆی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، چونکە زۆر پابەند بون بە لایەنی جێبەجێکردنی شەریعەت، ئەمە جگە لەوەی جۆرێکە لە هەوڵدان و حەزی دەسەڵات و بەڕێوەبردن.

سەبارەت بە ژن و ژنخوازیی ئەم گروپە لەگەڵ دەوروبەریان، دوای ئەوەی وازیان لە هەندێ لە بیروباوەڕە توندڕەوەکانیان هێنا، وەك بنەمایەکی بە بێباوەڕکردنی تاوانباران، ڕێگەیان بە پێکەوەژیان و هاوسەرگیریی نێوانیان دا (إسماعيل، ١٩٩٧: ٢٥) و ئاسایی بوو ژن لە بێباوەڕەکان بهێنن، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی، نەک بە ئاشکرا (جلي، ١٩٨٨: ٧٣)، هەروەك شەهرستانی وتویەتی: ((دروستە ژنانی موسڵمانان هاوسەرگیری لەگەڵ بێباوەڕانی گەلەکەیان بکەن، بەڵام بە شێوەی تەقیە نەك بە شێوەیەکی ڕاگەیاندراو))، هەروەها هەمو کارێکی چاك و باش، لە لایان بەشێکە لە تەقیە، و پێویستە بە نهێنی ئەنجام بدرێت (١٩٩٣: ١/١٥٩)، بەمەش ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە چاك و ڕەوای دەزانن، بەڵام جۆری ئەنجامدانی گرنگە، کە بە چ شێوازێکە.

لە باوەڕی سوفرییەکاندا هاوەڵدانان بۆ خودا بابەتێکی دیکەیە لەو بابەتانەی گفتوگۆی زۆری لەبارەیەوە کراوە، لایانوابو هاوەڵدانان بۆ خودا دوجۆری هەیە، یەکەم، شوێنکەوتووی شەیتان و پەرستنی لەبری خودا، دووەم، پەیکەر و دار و بەرد بپەرستی. کوفرکردنیش دوجۆری هەیە، ئەوانیش کوفر بە نیعمەتەکانی خودا و نکۆڵیکردن لە خودا (الشهرستاني، ١٩٩٣: ١/١٥٩-١٦٠). تێڕوانینی ئەم گروپە لەبارەی پێغەمبەری ئیسلام، وایان لێکداوەتەوە، خودا پێغەمبەری بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناردووە، دەبێ باوەڕی پێبهێنرێت، تەنانەت ئەگەر کەسێک بانگەوازی ئیسلامیشی پێنەگەیشتبێت یان باوەڕی نەهێنابێت ئەوا بە بێباوەڕی دەمرێت (إبن حزم الأندلسي، ١٩٩٦: ٥/ ٥٤).

ئەوەی گرنگە لێرەدا تیشکی بخرێتە سەر، هەمو ئەو زانیاریانەی لەبارەی باوەڕی وفرییەکان خراوەتەڕو و بەردەستە، لەو نوسین و سەرچاوانەوە وەرگیراون، کە لەگەڵ خەواریجیەکان هاوڕا نەبوون، تەنانەت بە دەرچوو و لادەر هەژماریان کردوون لە نوسینەکانیاندا، بەهۆی ئەوەی بەردەوام نەیار بون و لە شۆڕشدا بون دژی دەسەڵات، بەگشتی خەواریجیەکان و سوفرییەکان بەتایبەتی، هەمو ئەو زانیاریانەی دەربارەیان هەبوە،

لەدەستچووە، لە ئەنجامی لەشکرکێشیی شیعەکان بۆ سەر دەوڵەتەکەیان لە مەغریب لە ماوەی ساڵی (٢٩٧ك/ ٩٠٩ز)، دوای ئەوە ئاگریان لە کەلەپور و میراتی سوفرییەکان بەرداوە و بە تەواوی لە ناویان بردون (إسماعیل، ١٩٩٧: ٢٦)، بێگومان هەبونی نوسراوی تایبەت بەخۆیان دەیتوانی زیاتر پشتڕاستی ئەو زانیاریانە بکاتەوە کە نوسەرانی دیکە لەبارەیانەوە تۆماریان کردوون، لەبەرئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر وەك لایەنی سیاسی و مەزهەبی کاریگەریی خۆیان هەبوە، چ لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە، کە سەنتەری کار و چالاکیی سوفرییەکان بووە لەسەرەتادا، چ لە مەغریبی دوور و ناوەڕاست بە هۆی بیروباوەڕەکەیانەوە و چالاکییان لە بانگەشەکردن بۆ مەزهەبەکەیان توانیویانە خەڵکانێکی زۆری ئەو ناوچەیە و بەتایبەتی بەربەریەکان بهێننە سەر مەزهەبەکەیان و چەند دەسەڵاتدارییەتێک لەو ناوچەیە دابمەزرێنن.

## ئەنجام:

لەکۆتاییی نوسینی ئەم توێژینەوەیە توێژەران دەگەن بە چەند ئەنجامێک بریتین لەمانەی خوارەوە:

- هۆکاری سەرەکیی دروستبونی گروپی خەواریجیەکان ئەگەرچی پرسێکی سیاسی بوو، لەبەرئەوەی کێشەیان لەسەر بابەتی پێشەوایی و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئوممەتی ئیسلامی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتای لێکترازانی موسڵمانان بوو لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە.
- سەرەڕای جیاوازیی بۆچونی مێژونوسان لەبارەی ناوی گروپی سوفرییەو و دامەزرێنەرەکەی، ئەو ڕاستییە سەلمێنرا کە زیادی کوڕی ئەسفەر دامەزرێنەری ئەم گروپەیە و بەو کۆمەڵە کەسانە گوتراوە سوفرییە، کە لایەنگری ئەو بون، تەنانەت هەندێ جاریش پێیان گوتراوە زیادییەکان.
- لەگەڵ ئەوەی سوفرییەکان لەسەر بنەما سەرەکییەکانی خەواریج، کە بەو ئامانجەی بۆی دەرچوبون، لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا هاوڕا بون، بەڵام سەرهەڵدانی بیروبۆچون و تێڕوانینی جیاواز بووە هۆکاری سەرەکیی جیابونەوەیان وەکو گروپێکی سەربەخۆی جیاواز و خاوەن بیروباوەڕی تایبەت.
- سوفرییەکان، لە چەند ناوچە و هەرێمێکی جیاوازدا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە و چەندین بزوتنەوە و کار و چالاکییان کردووە و کاریگەریی خۆیان بە جێهێشتووە بەسەر دەوڵەتی ئیسلامیی ئەو سەردەمە.
- لە دیارترین هۆکاری نەبونی زانیاری دەربارەی سوفرییەکان لە سەرچاوەکانی خۆیانەوە، بەهۆی شێوازی ژیانیان و کاروکردەوەکانیان بووە، لە نەبونی ناوچەیەکی دیار و جێگیر لە هەندێ قۆناغدا و بەهۆی بزوتنەوەکانیان لە دژی دەسەڵاتی ناوەند، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی هێرشی نەیارانیان لە دەسەڵات و بزوتنەوەکانی دیکە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و لەناوبردنی هەموو کەلەپور و زانیاری و بەڵگە مێژووییەکانی پەیوەست بە خۆیان.
- باوەڕبوون بە کردار و جێبەجێکردنی وتەکانیان و شۆڕشی بەردەوام، یەکێک بو لە گرنگترین بنەماکانی باوڕی گروپی سوفەرییە و زۆر شانازییان پێوەدەکرد، بەهۆی شەڕی بەردەوامیش کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە بەجێهێشت، چونکە بونە هۆی دروستبونی کۆمەڵگەیەکی لێکترازاو و دابەشیان کرد بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک و ڕەوابەخشین بە خۆیان، کە موسڵمانی ڕاستەقینەن و بەرەکەی دیکەیش بریتین لە دوژمنان و بێباوەڕان.
- لە ئەنجامی توێژینەوە لەم گروپە ئاینییە، دەگەینە ئەو باوەڕەی گروپی سوفەرییە گروپێکی نێوەندگیرییە لە نێوان توندڕەویی گروپی ئەزاریقە و میانڕەویی ئەبازییەکان، ڕابەرانی ئەم گروپە لە هەندێک بۆچون کاریگەرن بە گروپە کەلامییەکان و لەهەندێک بابەتی دیکەیش هەوڵیانداوە بە فکری خۆیان وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکان بدەنەوە.
- گروپی سوفەرییەش وەك هەڵقوڵاوی ناو گروپی خەواریج، کۆمەڵێك لە بیروباوەڕەکانی گروپی خەواریج، هەمان بیروباوەڕ و بنەماکانی موعتەزیلە بون، سەرەڕای کارکردنیان لە دو قۆناغی جیاواز کە ماوەی دەرکەوتنی موعتەزیلەکان درەنگتر بو، هەروەها دو ئاراستەی جیاواز، ئەویش خەواریجی سیاسی و موعتەزیلەی کەلامی.

## سەرچاوەکان:

قورئانی پیرۆز

تۆفیق، زرار صدیق. (٢٠١٢)، کوردو کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامدا، هەولێر: ڕۆژهەلات.

الخالدي، صلاح عبدالفتاح. (٢٠١٢)، خەلیفەکانی ڕاشیدین لە نێوان جێنشینبوون و شەهیدبووندا، هەولێر: تەفسیر، وەرگێر: فاتح محمد سەنگاوی.

عەزیز، حەمید. (٢٠١٣)، فەلسەفەی زانستی کەلام، هەولێر: موکریانی.

فلیشر، کورت. (٢٠٠٣)، گەڕانەوەیەک بۆ سەرەتاکانی ئیسلام، سلێمانی: سەردەم، وەرگێر: حەمەی حەمە سەعید.

لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٣)، خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان لە دامەزراندنی ناسنامەی ئاینییانەوە بۆ شکستی سیاسی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ژمارە:٢٧.

ئەمین، بورهان موحەمەد. (٢٠٠٤)، تەفسیری ئاسان، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر.

إبن الأثير، أبي الحسن علي بن أبي الكرم. (١٩٨٧)، الكامل في التأريخ ، تحقيق: أبي الفداء عبدالله القاضي ، بيروت: دار الكتب العلمية.

إبن الجوزي، الإمام جمال الدين أبي الفرج عبدالرحمن. (٢٠١٣)، تلبيس إبليس ، وەرگێر: نوری هەمەوندی ، ناڕین.

إبن تغري بردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف. (١٩٦٣)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، القاهرة: مؤسسة المصرية العامة للتأليف والنشر.

إبن حزم الأندلسي، أبي محمد علي بن أحمد. (١٩٩٦)، الفصل في الملل والأهواء والنحل ، تحقيق: محمد إبراهيم نصر و عبدالرحمن عميرة ، بيروت: دار الجيل.

إبن خياط، أبو عمرو خليفة بن خياط. (١٩٨٥)، تاريخ خليفة بن خياط، الرياض: دار طيبة، ناڕین.

إبن عبد ربه، أحمد بن محمد الأندلسي. (١٩٨٣)، العقد الفريد ، تحقيق: مفيد محمد قميحة ، بيروت: دار الكتب العلمية.

إبن قتيبة، أبي محمد عبدالله بن مسلم. (١٩٩٠)، الإمامة والسياسة المعروف بتاريخ الخلفاء، تحقيق: علي شيري، بيروت: دار الأضواء.

إبن كثير، عماد الدين أبو فداء اسماعيل بن عمر. (١٩٩٨)، البداية والنهاية ، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي ، الجيزة: دار الهجر.

أبو خير، حسن عبدالحفيظ عبدالرحمن. (د.ت)، الموسوعة المفصلة الفرق والأديان والملل والمذاهب والحركات القديمة والمعاصرة، القاهرة: دار إبن جوزي.

أبو سعدة، محمد (١٩٩٨)، الخوارج في ميزان الفكر الأسلامي، القاهرة: مكتبة الأسكندرية.

أبى عبيد، القاسم بن سلام. (١٩٩٤)، كتاب غريب الحديث ، تحقيق: حسين محمد محمد شريف ، القاهرة: الهيئة العامة لشئون المطابع الأميرية.

الأسفرايني، أبو مظفر طاهر بن محمد. (١٩٨٣)، التبصير في الدين وتمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين، تحقيق: كمال يوسف الحوت بيروت: عالم الكتب.

اسماعيل، محمود. (١٩٩٧)، الحركات السرية في الإسلام، بيروت: مؤسسة الأنتشار العربي.

الأشعري، أبي الحسن علي بن إسماعيل. (١٩٥٠)، مقالات الإسلاميين وإختلاف المصلين، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد القاهرة: مكتبة النهضة المصرية،.

أمين، أحمد. (١٩٢٨)، فجر الإسلام، مصر: مطبعة الاعتماد.

البغدادي، أبو منصور عبدالقاهر بن طاهر. (١٩٨٦)، الملل والنحل ، تحقيق: ألبير نصري نادر، بيروت: دار المشرق.

البغدادي، أبو منصور عبدالقاهر بن طاهر. (د.ت)، الفرق بين الفرق، دون مطبعة و مكان طبع.

البكاي، لطيفة. (٢٠٠٧)، حركة الخوارج_ نشأتها وتطورها إلى نهاية العهد الأموي خلال (٣٧-١٣٢هـ)، بيروت: دار الطليعة.

التوزري، ابي مروان عبدالملك بن الكردبوس.(٢٠٠٩)، الاكتفاء في اخبار الخلفاء، حقق:عبدالقادر بوباية، بيروت،دارالكتب العلمية.

الجاحظ، أبي عثمان عمر بن بحر. (١٩٩٨)، البيان والتبين، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون ، القاهرة: مكتبة الخانجي.

جلي، أحمد محمد. (١٩٨٨)، دراسة عن الفرق والتأريخ المسلمين الخوارج والشيعة، الرياض: مركز ملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية.

الحفظي، عبداللطيف بن عبدالقادر. (٢٠٠٠)، تأثير المعتزلة في الخوارج والشيعة أسبابه والمظاهره، السعودية: دار الأندلس الخضراء.

الخوارزمي، أبي عبدالله محمد بن أحمد بن يوسف. (١٣٤٢)، مفاتيح العلوم، مصر: إدارة الطباعة المنيرية.

الدرجيني، أبي العباس أحمد بن سعيد. (١٩٧٤)، كتاب طبقات المشائخ بالمغرب ، تحقيق: إبراهيم طلاي ، الجزائر: مطبعة البحث.

الدياربكري، حسين بن محمد بن الحسن.(٢٠٠٩)، تأريخ الخميس في احوال النفس النفيس، بيروت، دار الكتب العلمية.

الدينوري، أحمد بن داود. (١٩٥٩)، الأخبار الطوال ، تحقيق: عبدالمنعم عامر ،د.م .

الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان. (١٩٨٢)، سير الأعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الأرنؤوط ، بيروت: مؤسسة الرسالة.

رستم، سعد. (٢٠٠٨)، الفرق والمذاهب الإسلامية منذ بدايات، السورية: دار الأوائل.

الزركلي، خير الدين. (٢٠٠٢)، الأعلام، بيروت: دار العلم الملايين.

الشنقارو، عواطف العربي. (٢٠٠١)، فتنة السلطة الصراع ودوره في نشأة بعض الغلاة الفرق الأسلامية، ليبيا: دار الكتب الجديد.

الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أبي بكر أحمد. (١٩٩٣)، الملل والنحل ، تحقيق: أمير علي مهنا و على حسن فاغور ، بيروت: دار المعرفة.

الطبري ،أبي جعفر محمد بن جرير. (١٩٧١)، تاريخ الرسل والملوك ، تحقيق: محمد أبو فضل إبراهيم ، مصر: دارالمعارف.

عبدالرزاق، محمود إسماعيل. (١٩٨٥)، الخوارج في بلاد المغرب حتى منتصف القرن الرابع الهجري، المغرب: دار الثقافة.

عبيدات، محمود سالم. (١٩٩٨)، تأريخ الفرق و عقائدها، الأردن: دار الفرقان.

عثمان، عبدالتواب محمد.(٢٠١٤)، أثر أراء الخوارج في الفكر الاسلامي المعاصر، القاهرة، دار الصفوة.

العقل، ناصر بن عبدالكريم. (د.ت)، الخوارج أول الفرق في تأريخ الإسلام، السعودية: دار القاسم.

عمارة، محمد. (٢٠٠٧)، تيارات الفكر الإسلامي، القاهرة: دار الشرق.

عميرة، محمد. (١٩٨٥)، دور زناتة في الحركة المذهبية بالمغرب الإسلامي، الجزائر: المؤسسة الوطنية للكتاب.

فخرالدين الرازي، أبو عبدالله محمد بن عمر بن حسن. (١٩٣٨)، إعتقادات فرق المسلمين والمشركين ، مراجعه: علي سامي النشار ، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

فلهوزن، يوليوس. (١٩٥٨)، أحزاب المعارضة السياسية الدينية في صدر الإسلام الخوارج والشيعة، مصر: مكتبة النهضة، ترجمة: عبدالرحمن بدوي.

الفيومي، محمد إبراهيم. (٢٠٠٣)، تاريخ الفرق الإسلامية السياسي والديني_ الخوارج والمرجئة، القاهرة: دار الفكر العربي.

كامل، عمر عبدالله. (٢٠٠٢)، المتطرفون خوارج العصر، بيروت: بيسان للنشر والتوزيع.

المبرد، أبي العباس محمد بن يزيد. (١٩٩٧)، الكامل في اللغة والأدب، القاهرة: دار الفكر العربي.

المسعودي، أبي الحسن علي بن الحسين بن علي. (٢٠٠٥)، مروج الذهب والمعادن الجوهر، راجعه: كمال حسن مرعي ، بيروت: المكتبة العصرية.

معروف، أحمد سليمان. (١٩٨٨)، قراءة جديدة في مواقف الخوارج وفكرهم وأدبهم، دمشق: دار طلاس للدراسات و النشر.

معروف، نايف محمود. (١٩٩٧؟)، الخوارج في العصر الأموي نشأتهم، تأريخهم، عقائدهم، أدبهم، بيروت: دار الطليعة للطباعة والنشر.

المغربي، علي عبدالفتاح. (١٩٩٥)، الفرق الكلامية الإسلامية، القاهرة: مكتبة وهبة.

المقريزي، تقي الدين أبي العباس أحمد بن علي. (١٩٧٠)، كتاب المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والأثار- المعروف بالخطط المقريزية، بغداد: مكتبة المثنى.

الملطي، أبي الحسن محمد بن أحمد. (٢٠٠٩)، كتاب التنبيه والرد على أهل الأهواء والبدع ، تصحيح: س. ديد رينغ ، بيروت: مؤسسة الريان.

المنقري، نصر بن مزاحم. (١٣٨٢)، وقعة صفين ، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون ، القاهرة: مؤسسة العربية الحديثة.

الناشىء الأكبر، عبدالله بن محمد. (١٩٧١)، مسائل الإمامة ومقتطفات من الكتاب الأوسط في المقالات ، تحقيق: يوسف فان إس ، بيروت: دار النشر فرانتس شتاينر بڤيسبادن.

الناصري، أبو العباس أحمد بن خالد. (١٩٩٧)، كتاب الأستقصا لأخبار دول المغرب الأقصى، المغرب: دار الكتاب، تحقيق: جعفر الناصري و محمد الناصري.

النوبختي، ابي محمدالحسن بن موسى.(٢٠٠٨)، فرق الشيعة، القاهرة، دار الطباعة المحمدية.

الوردي، علي. (١٩٩٧؟)، منطق إبن خلدون، إنتشارات مكتبة الحيدرية.

اليعقوبي، أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب. (٢٠١٠)، تاريخ اليعقوبي ، تحقيق: عبد الأمير مهنا ، بيروت: شركة الأعلمي للمطبوعات.

## پەراوێزەکان

[١] . واتای ئایەتەکە ((ئەو کەسەی کۆچ بکات لە پێناو خودا لەو زەوییەی کە کۆچی بۆ دەکات، سەربەرزییەك بۆ خۆی و ڕیسواییەکی زۆریش بۆ دوژمنانی دروست دەکات، بەرەکەت و فراوانی و رزق و رۆزی ڕووی تێ دەکات، هەر کەسێکیش ماڵ و حاڵی خۆی بەجێ بهێڵێت و لە پێناو خواو پێغەمبەرەکەیدا دەربچێت و کۆچ بکات، پاشان مردن یەخەی پێ بگرێت، ئەوە ئیتر ئەو کەسە پاداشتەکەی کەوتۆتە سەر خودا)) (ئەمین، ٢٠٠٤: ١٠٠).

[٢] . بۆ زیاتر ئاشنابون بە هۆکاری هەریەك لەو ناوانە بڕوانە: (الأشعري, ١٩٥٠: ١٩١/١؛ الفيومي, ٢٠٠٣: ٩٦).

[٣] . زولخوەیسیرە، ناوی تەواوی حورقوس کوڕی زوهەیر سەعدی، هاوەڵ بو، لە بنەماڵەی تەمیم، ئەو کەسایەتیە شایەدحاڵی جەنگی سەفەین بووە، شانبەشانی عەلی کوڕی ئەبوتالیب، بەڵام دوای پرسی ناوبژیوانی دەبێتە خەواریجییەکی زۆر توند دژ بە عەلی، لە ساڵی (٣٧ك/٦٥٧ز) لە جەنگی نەهرەوان کوژراوە (الزركلي, ٢٠٠٢: ١٧٣/٢).

[٤] . ئەبو سەعید موهەلەب کوڕی ئەبی سوفرە کوڕی سراق ئەزدی، والیی هەرێمی خۆراسان بو لەسەردەمی ئومەوییەکان، هەروەها ناوچەیەکی فراوانی لەودیوی ڕوبار فەتحکرد، سەرەڕای ئەوەی دژی خەواریجییەکان جەنگا و ژمارەیەکی زۆری لە خەواریجە ئەزاریقەکان کوشتووە، موهەلەب لە ساڵی (٨٢ك/ ٧٠١ز) کۆچی دوایی کردووە (الذهبي, ١٩٨٢: ٣٨٣/٤-٣٨٥).

[٥] . لەسەرچاوەکاندا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو کەسایەتییە نییە.

[٦] . ئەبو ڕاشد نافیع کوڕی ئەزرەق کوڕی قەیس کوڕی نەهار کوڕی ئینسان کوڕی ئەسەد کوڕی سبرە کوڕی زوهل کوڕی حەنیفە، دامەزرێنەری گروپی ئەزاریقەی خەواریجیەکانە، سەرەتا لە هاوەڵانی ئیبن عباس بوو، دواتر ئەم دۆخەی گۆڕا و لە چوارچێوەی بیری خەواریجیدا هێرشی کردە سەر موسڵمانان و لە نێویدا ژن و منداڵیان دەکوشت، بەم کردەوانەیان ترسێکی زۆریان لەنێو موسڵمانان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوە درێژە ناکێشێت و سوپایەك بە سەرکردایەتیی موهەلەب لە ناوچەیەکی نزیك لە ئەهواز توانی ژمارەیەکی زۆر لە خەواریجیەکان بکوژێت و نافعی سەرکردەشیان لەم هێرشەدا کوژرا (الدينوري, ١٩٥٩: ٢٦٩-٢٧٠, ٢٧٣؛ إبن حزم الأندلسي, ١٩٦٢: ٣١١/٢).

[٧] . نەجدەت کوڕی عامر، یەکێکە لەسەرکردەکانی خەواریج و دامەزرێنەری گروپی نەجداتە، لە گروپی ئەزاریقە جیابۆوە، بەهۆی جیاوازیی لە هەندێ بۆچونەکانیان، کە دواتر دەبێتە بناغەی بیروباوەڕیان. ئەم گروپە لە ناوچەکانی یەمامە بون، پاشان چەند لقێکی دیکەی لێ جیابۆوە (البغدادي, ١٩٨٦: ٦٥-٦٦؛ المغربي, ١٩٩٥: ١٨٢-١٨٣).

[٨] . مەرداس کوڕی حەدیر لە بنەماڵەی ڕەبیعە کوڕی حەنزەلە، ئەبو بیلال خۆی شایەدحاڵی جەنگی سەفەین بووە و لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەشداربووە، دواتر نکۆڵیی لە پرسی ناوبژیوانی کرد و لەگەڵ خەواریجییەکان دەرچو، هەروەها بەشداریی لە جەنگی نەهرەوان کردووە و یەکێك بووە لەوانەی لەو جەنگە ڕزگاری بووە. کەسێکی زۆر توند بووە لەسەر پرسی (الشراة) و بڕیاریدا دەربچێت، تاوەکو زیاد کوڕی عەبدوڵڵا سوپایەکی بۆ نارد و هەموویانیان کوشت (إبن خياط, ١٩٨٥: ٢٥٦؛ إبن عبد ربه, ١٩٨٣: ١٨٢/١-١٨٣).

[٩] . عیمران کوڕی حیتان کوڕی زبیان سەدوسی شەیبانی، لە بەسرە گەورەبووە و زانست و فەرمودەی خوێندووە، هەروەها شاعیر و وتاربێژ بووە، بەهۆی چونی بۆ ناو خەواریج، لە عێراق و شام داواکاری دەسەڵات بووە، لە ساڵی (٨٤ك/ ٧٠٣ز) کۆچی دوایی کردووە (الزركلي, ٢٠٠٢: ٧٠/٥).

[١٠] . مساور کوڕی عەبدولحەمید کوڕی مساور شاری بەجەلی، یەکێك بو لە سەرکردە ئازا و دیارەکانی خەواریج، خەڵکی موسڵ بو، توانیبوی کورد و عەرەبەکان کۆبکاتەوە و لە دژی خیلافەت ڕاپەڕێت و لە ساڵی (٢٥٢ك/ ٨٦٦ز) دەرچووە، چەندین جار ڕوبەڕوی خیلافەت بۆتەوە و تەنگی پێهەڵچنیون. لە ساڵی (٢٥٥ك/ز) چووەتە ناو موسڵ و دەستی بەسەر داگرتووە. هەروەها دەستی بەسەر زۆرێك لە ناوچەکانی عێراق داگرتووە و والیی خۆراسانی کوشتووە. مساور لە ساڵی (٢٦٣ك/٨٧٦ز) کۆچی دوایی کردووە (الطبري, ١٩٧٥: ٣٧٤/٩-٣٧٦, ٥٣٢؛ الزركلي, ٢٠٠٢: ٢١٣/٧).